# لەبارەی شەڕی کۆن و نوێ

لە ئەدەبیاتی نوێی فارسییەوە: یوسف رضوانی

## چوار قۆناغی شەڕی کۆن و نوێ

نوێ: واتە عونسری تازەپەیدابوو و چۆنیەتیی نوێی سەرهەڵداو لە ڕایەڵەی پێگەیشتن، واتە تەکاموول.
کۆن: واتە عونسری داڕزیوو و چۆنیەتیەکی لە حاڵی لەناوچوو. هەر نوێیەک کە لە ڕایەڵەی زەماندا سەرهەڵدەدا نوێ نییە. نوێ ئەوەیە کە لە پێگەیشتنی داهاتوو، پلە پلە، جێی خۆی زیاتر دەکاتەوە. بەربەرەکانی و خەباتی نوێ و کۆن بە پلەکانی ژێرەوەدا تێ دەپەڕێت:
١- گەرادانانی بێ ناو و لەدایکبوونی پڕ هەرا و دەنگ: گەرای نوێی بێ ناو و بێ دەنگ لە شوێنێک لە سەرەتای ڕێڕەوی مێژوو لە سەرەتای تاریکیی کۆشکی کۆن گەرا هەڵدێنێت و پاشان هەنگاو دەنێتە مەیدانی وجوود و دەگەڵ هەوەڵین ئیعلانی بەربەرەکانی دەگەڵ کۆن لەدایکبوونی خۆی بە دەنگی بەرز و هاوار ڕادەگەیەنێت.
٢- پێگەیشتنی لەسەرەخۆ و بەربەرەکانی دەگەڵ کۆن لە حاڵی سەرکەوتنی نوێ: کۆن لە شەڕ دەگەڵ نوێ ئیمکانیاتی ڕێکوپێکی لەبەر دەستدایە، وەک سووننەت و نەریت، تەجرووبە و بوونی سەنگەری فەرماندەیی و هەروەها هێشتا پێوانە و کێلەی بەتەواوی پڕ نەبووە و دەستڕۆیشتوویی نەگەیشتۆتە تەواوبوون و نەقش و دەوری هەر ماوە و هێشتا لە گۆڕەپانی خەباتدا هەناسەی نەگەیشتۆتە دواهەناسە و دەوری خۆی، بەڵام لە دژی نوێخوازی شەرایت و هەلومەرجێکی ناجۆر لە کار و لە گۆڕێدایە، وەکوو کەمیی نەریت و سووننەت، تەجرووبە و لێهاتوویی، نەبوونی سەنگەری گرنگی بەربەرەکانی و بێخەبەری لە نەقش و دەوری خۆی و جێنەکردنەوە لە مەیدانی بەربەرەکانی و خەبات و ناشارەزایی و بێئاگایی لە دەوری خۆی.
ئەو دەورانە لە خەبات دەورانێکی تراژیدیایی پڕ لە زام و کوێرەوەری و فاجیعەهەڵگری بەربەرەکانیی نوێ و کۆنە، لەبەر ئەوە دەورانی شکستەکانی خوێنای نوێ، دەورانی ڕاپەڕینەکانی دواکەوتوو و قەهقەرایی و کۆنەپەرستانە و بێڕوحمانەی دەورانی سەرکەوتن و پێشێلکردنی کۆنەپەرستانە، لەو دەورەدا نوێ داماوی بە سیاسەتەکانی ئازایی و لەخۆبردوویی و هەڵمەتهێنان و پێڕێخستن و گیانبازیی بەرچاو و ئاشکرا داماوی هەیە، تاکوو بە هێدی و بە پلە و سەبر و خۆڕاگری بتوانێت دیواری کۆن دارمێت و نفوزی تێدا بکات و بچێتە قووڵایی گیروگرفتەکانەوە و ڕایەڵە و نەخشەی کۆن هەڵبدڕێت و کەسایەتیی خۆی ڕابگەیەنێت و وجوود و پایەداریی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێت. ئەو دەورانەش یەکێک لە دەورانەکان ترسناکی خەبات و تێکۆشانە، کە پڕ لە ناکامی و سەرکەوتنە.
ئەم قۆناغە یەکێک لە قۆناغەکانی ترسێنەر و مەزن و پڕ کوێرەوەرییە لە خەبات. بەڕاشکاوی نوێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا داماوی بە داخواز و پارێزران و لایەنگرانی نەترس و قارەمان و تیژبین و ئازا و کۆڵنەدەر هەیە.
کۆنەپەرست و کۆنخوازی دیکتاتۆر لەو دەورانەدا لە سەرەتاوە بە گرمە و هاوار و نەعرەی مەغرورانە و پاشان بە دەنگی پڕ مەغرورانە و وەحشییانە و هەروەها بە نووزەنووزی تێکەڵاو بە ترس و بێڕوحمانە دێتە مەیدانەوە و دەست بە داکوتان و کردەوەی شێتانە و وەحشییانە دەکات و بە ناوی پاراستنی نەزم و ئەمنیەتەوە جۆگەی خوێن و زیندان و لێدان و ئەشکەنجە و قەتڵ و ئیعدام دەکات.

### خەبات و بەربەرەکانیی نوێ و کۆن لە حاڵی بەرانبەریی هێز و توانای نوێ و کۆن:

نوێ لە خەبات و تێکۆشان لەناو شکستەکانی خوێناوی عیبرەت دەرس وەردەگرێت و فێری خەبات دەبێت و سووننەت و تەجروبە بە دەست دەهێنێت، بە نەقش و دەوری خۆی زیاتر ئاگا دەبێت، کەسایەتی پەیدا دەکات، سەنگەر و گۆڕەپان و مەیدان وە چنگ دەخات و بە دەست دەهێنێت، بە نەقش و دەور و پێهەستانی خۆی دەزانێت، دەورانی بەربەرەکانێتییەکانی سەخت و توندوتیژ بەرەو دەوران ڕێککەوتن و سازش دەبات، دەورانی سەرەتایی و هەڵکەوت و بەرانبەری و هاوسەنگییەکان و ئاشبوونەوەکانی کاتی و ناپایەدار ئەنجام دەدات، دەورانی بەرانبەریی هێزەکان و بەربەرەکانی و خەباتی نهێنی و شاراوە دەگرێتە بەر، هەم نوێ و هەم کۆن و هەریەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.
نوێ: بۆ لەناوبردنی کۆن و، دواکەوتوو: بۆ لەناوبردنی نوێ.
ئەم دەورانە، دەورانی ئەوج و ئەوپەڕی سیاسەتەکانی دەورانی و ئاڵوگۆڕە.
٤- خەباتی نوێخواز و کۆنەپەرست بە سەرکەوتنی هێزە نوێخوازەکان بەسەر کۆنەپەرستیدا:
نوێ سەنگەر و گۆڕەپانی خۆی قایم و پتەو دەکات، سووننەت و دابونەریت و تەجرووبە و ئەزموونی زۆر و فرە بە دەست دەهێنێت، کۆن و کۆنەپەرست دەوری کۆمەڵایەتیی خۆیان دەگەیەننە دواپلەی قۆناغ و سەنگەر و گۆڕەپانی خۆیان لە دەست دەدەن.
ئەم دەورانە ئاڵوگۆڕ و ڕاپەڕینی (کەیفی)یە. نوێ جێگای کۆن داگیر دەکات، بەرانبەری و ڕێککەوتن و سازش لە بەر یەک دەچن و بەربەرەکانی و خەبات بە سەرکەوتنی نوێ تەوا دەبن. نوێ بە ڕووخسار و نمای سەرکەوتووانە مەیدانەکان کۆن داگیر دەکات.

> "..ئەم قۆناغە یەکێک لە قۆناغەکانی ترسێنەر و مەزن و پڕ کوێرەوەرییە لە خەبات. بەڕاشکاوی نوێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا داماوی بە داخواز و پارێزران و لایەنگرانی نەترس و قارەمان و تیژبین و ئازا و کۆڵنەدەر هەیە.."

### دیالێکتیکی هەنگا و ڕووانگە و بەڕێوەبردنی خۆبەخۆیی و ڕابەری و بەڕێوەبردنی وریایانە.

هێزەکانی کە لە کۆمەڵگادا بە سەرکەوتنی نوێ یارمەتی و کۆمەک دەکەن، دوو بەشن:
١- هێزە وریاکانی کۆمەڵگا، هۆکارەکانی زیهنیی ڕاپەڕین و بەرهەڵستەکانی شۆڕشگێڕە و جیهانبینیی شۆڕشگێڕی ئەوان.
٢- هێزەکانی خۆبەخۆیی کۆمەڵگا، پێگەشتنی هێزەکانی بەرهەمهێنەر، کەڵەکەبوون و زیادبوون و دژایەتییەکانی چارەسەرنەکراو لە نیزامی کۆندا، تەجرووبە و تاقیکردنەوەکانی پلە بە پلەی خەڵک و گەل.
هۆکاری وریا، پێگە و تێکۆشان و خەباتی نوێخواز و نوێ بە دژی کۆن و کۆنەپەرستی توندوتیژ دەکات. هۆکاری خۆبەخۆیی مەیدان بۆ سەرکەوتنی نوێ بە دژی کۆن ئامادە دەکات و گیانی تازە و پلەی نوێی پێ دەبەخشێت. تەناسووب و هەڵسەنگاندن نێوان گورج و گۆڵی و خۆگرتن لە نێوان وریایانە و خۆبەخۆیی لە گرنگترین مەسەلەکان لە پراکتیک و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕییە. هۆکاری وریا، تەنانەت تا سنووری دیاریکراو دەتوانێت ڕێگا کورت بکاتەوە نە زیاتر، بەڵام هۆکاری وریا حەتمەن دەبێت ڕێگا تا سنووری باڵا و بەرز کورت بکاتەوە. زەمان پێویستە. زەمان بۆ ئەوەی: نوێ تەجروبەی پێویست بە دەست بهێنێت تاکوو کۆن سست و لەرزۆک بێت، کۆمەڵگا بە پێویستی بزانێت و لە سەرکەوتنی نوێی وریا ئاگادار بێت و ئیمان و بڕوای پێ هەبێت، پاڵدانەوە و ئیمان تەنیا بە چۆنیەتی و بەڕێوەبردن و تەماشای جموجووڵی خۆبەخۆیی، بە بەرنامە و پرۆسەی پێگەیشتنی لەسەرە و پلە بە پلە، ئۆپۆرتۆنیزم، ڕێفۆرمیزم، تاکتیک و بەرنامە و پۆرسە، سەردانەواندن لە بەرانبەر جووڵانەوەی خۆبەخۆییە.
پاڵدانەوە، هومێد و ئیمان بە تەنیا یەکلایەنە لەسەر هۆکاری وریا، لەسەر گورجوگۆڵی و بە خێرایی بەڕێوەچوونی وریایانە، بەسەر هۆکاری زیهنی، حادیسەجوویی، بلانکیزم، ئاڤانگاردیزم، لە پێشەوە ڕاکردن و ئاوانیزمی سیاسییە.
تەواوی گرنگی لە دەرککردن و پێزانینی ڕێگای ڕاست و تەناسووب و هەڵکێشانی ڕاستی ئەو جووتە دژبەیەکە و دژایەتییە و دۆزینەوەی (گرنگ)، واتە عومدە لە نێوان ئەو جووتەدایە.
دەبێت تەماشا بکەین و ببینین خودی کۆمەڵگا و دەوروبەر و گۆڕەپان چ خواستێک دەهێننە ئاراوە و چ نەخشە و پلانێکی بۆ دەکێشن و دەبێت کۆمەڵگا بۆ لای ڕێگا و پلانی دیاریکراو و بۆ ڕێگای ئامانجەکانی وریایانە ڕابکێشین. هەروەکوو مامۆستایانی خەباگێڕ دەڵێن: "ئێمە زەمان و کاتێک دەتوانین ئیدارە و بەڕێوە بچین، کە ئەو شتەی کە خەڵک هەستی پێ دەکات و بە ڕاست و دروستی بەیانی دەکەن و دەیڵێن بەیانی بکەین، دەبێت عونسری تەجریدی ـ واتە: ئوسوڵی تیۆریک ـ دەگەڵ عونسری دیاریکراو ـ واتە: خواستەکان و خەباتی خەڵک و گەل ـ تێکەڵاو بکەین و بیکەین بە ڕێبازمان. خواست، ڕۆح و ئامادەگیی خەڵک پێوانە و تەرازووی بەکارهێنان و ئیجرای دروشمەکانی شۆڕگێڕین. نەک لاسایکردنەوە و دواکەوتن و سنگپێشخەری و لە خەڵک دوورکەوتنەوە. لە جیهاندا زۆر کات بەرهەڵست و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و ڕزگاریخوازی لە ئاکام و کاریگەریی دەرکنەکردن و هەستپێنەکردنی ڕاست و دروستی نێوان دوو تەوەرەی خۆبەخۆیی و وریایانەدا تووشی سیکتاریزم و جیابوونەوە و شکست بوون.

### دیالێکتیکی جووڵانەوەی پاڵپێوەنان و جووڵانەوەی پلە بە پەلە، واتە: تەدریجی

لە دیالێکتیکی (خۆبەخۆیی) و (وریایانە)دا، (پێگەیشتنی پلە بە پلە)ی ورد و گورجوگۆڵیی وریایانە دیالێکتیکی جووڵانەوەی پاڵپێوەنانە (دەفعی) و جووڵانەوە و پلە بە پلەیش ڕوون دەبێتەوە. جووڵانەوەی لەسەرەخۆ و پلە بە پلە هەر ئەو جەریان و پرۆسە و بەرنامەی پێگەیشتنی ئۆرگانیکە.
هەر ئەندازە هۆکاری خەباتی وریایانە و لێهاتووییانەتر لە کادری پێگەشتنی ئۆرگانیکیی خەبات بە کار بهێنرێت و بەرچاو بگیرێت لە کارەسات و تەحەمول و قورسایی شکستە گەورەکان و لە تووشکردنی کۆمەڵگا بە جووڵانەوەی دواکەوتووانە و بۆ پاشەوە گەڕانەوە دەپارێزێت و لە ئەماندا دەبێت.
سەیری قەهقەرایی و جووڵانەوەی بۆ دواوە گەڕانەوە، یان بزووتنەوەکانی مەزن و بۆ دواوە زۆرجار کاتێکە کە کۆن و کۆنەپەرستی دەتوانن لە هەڵە و ئیشتباهاتی نوێ بۆ سەرکووتکردنی نوێ کەڵک وەربگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر دەوری دواکەوتووانەی خۆی درێژە پێ بدات.
پێگەیشتنی پلاستیکیی کۆمەڵگا بە چەشنێکە کە لەودا هەم خێراکردن و پاڵپێوەنان و هەم دواکەوتن، هەردووکیان بۆ فاسیلە و نێوانێکی زۆر درێژخایەن و دیاریکراو مومکینن. زۆجار دەتوانرێت ڕووداوێک دەیان پێش بخرێت، یان دەیان ساڵ دوا بخرێت. کۆن دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵەکانی نوێ بە قازانجی خۆی بەرانبەری و لە ئاستی یەکدابوونی زۆر درێژخایەن، تەنانەت لە نەوە بۆ نەوەوە، دابمەزرێنێت و دەستیان بەسەردا بگرێت، هەربۆیە نوێ بە درێژایی کات بە حیسابێکی ورد و لێکدانەوەی تەواو خۆی لە هەڵە و توندوتیژی و لاڕێیی دوور بخاتەوە.

## حەزەکەی نیوەی شەو

ئەحمەدی مەلا

نەماندەزانی بەرەو کوێ دەچین! من و براگەورەکەم و دوو مامی، یەکێکی لە من گەورەتر و ئەوی دی تەنیا ساڵێک لە من منداڵتر بوو. تەمەنمان ئەوەی پێدەوتین کە ڕەنگە ناوەندی ساڵانی شەست بێت. لەم بوارەدا کات هەندە گرنگ نەبوو. دەڕۆیشتین و هەروەکوو جاران تشێک پێکرا گرێی دەداین و گومڕایی ئەوە نەدەبووین کە نەزانین بەرەو کوێ دەچین. وێڵبوون و گومڕایی بە کۆمەڵ ئاسانترە لەوەی لەناو هەڵم و هالاوی بازاڕی بن قەڵادا، بە تەنیا، ڕێی ماڵ ون بکەیت و هەرگیزاوهەرگیز نەیدۆزیتەوە.
لە باڵاخانەیەک گیرساینەوە کە هی سەدەکانی ناوەند بوو، کاتێ تەماشای دەوروبەری خۆمم دەکرد، تەنیا چوار کەس نەبووین، بەڵکو خێزانەکانمان تێکەڵ بووبوون وەکوو زەمانی (حەرەس قەومییەکان)، خێزانە لێکنزیکەکان بە چەشنێک تێکەڵی یەکتر دەبوون و گەرموگوڕییەکی پێ دەبەخشین، وزەی دەدانێ بۆ ئەوەی بەرگرییان گەشە بکات و بتوانن بە لایەنی کەمەوە لەو کارەسات و لێقەومانە ڕزگاریان بێت. (پاشان زانیم کە وشەی لێقەومان پێویستە لە حاڵەتی وادا بە کار نەهێنرێت.) وا پێ دەچوو کە خێزانەکان باروبارگە دابنێن و بۆ دەمێک لە سێبەری ئەو باڵاخانەیەدا بحەسێنەوە. پاشان ملی ڕێگا بگرن و دیسانەوە هەر نەزانن بۆ کوێ دەچن.
لەخۆڕا، مامێکی تر زیادی کرد. پێ دەچوو تەمەنی لێقەومان هەراش بێت. خۆی و کۆشێک منداڵ. بەپێی بۆچوونی ئەو، هەر منداڵە گەرمی و حەسانەوە بە ئینسان دەبەخشێت. چونکە خۆی، لە لێقەومانێکی تردا، دایکی مرد و باوکی ژنێکی دیکەی هێنا. ئیتر نەیدەزانی پێ لەسەر چ زەمینێک دابنێت و کەمێک بحەوێتەوە. حیزب بوو بە خێزان، بەڵام تووشی زیندانی کرد. کە دەرچوو، بەڵێنی دا ژن بهێنێت و منداڵ لە دوای منداڵ دروست بکات و گەرموگوڕیی جاران بدۆزێتەوە. ئەوا ئێستا لەگەڵ ئێمەیە و لەبەر زۆری، لە دوو ژووری باڵاخانەکەدا دابەش بوونە و سنووریان تێکشکاندبوو. تەلەفزیۆنێکیش لەسەر ئەسکەمبیلێ دانرابوو، لەنێو هەراوزەنادا تەماشا دەکرا. یەکێکیان لێی پرسیم: "ئەم پرۆگرامە دەبێ چ بێ؟" منیش هەر یەکسەر وەڵامم دایەوە: "ئەمە پرۆگرامی سەدەی چواردەمە" ئەمەم وت و بیر لە سەدەی ناوەند دەکردەوە. ئەوان چاوەڕوانی من بوون بۆ ئەوەی لوغزی ئەو پرۆگرامەیان بۆ شیتەڵ بکەم.
جیابوومەوە، لەگەڵ ژنە ڕاهیبەیەک دادەنیشتم. ئەو لە بەرگێکی ڕەهبەنەتدا، دەستی منی گرت و بەیەکەوە قسەمان دەکرد. باسی گەلێک شتی دەکرد. پێم وت: "بۆچی نایەی سەرم لێدەی؟" ئەویش وتی: "نابێت بەم جلوبەرگەوە ئێرە جێ بهێڵم." بیرم دەکردەوە، جا دەتوانێت بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بێت.
بەرامبەر تەلەفیزیۆنەکەین. باوکم دانیشتبوو، دەمی داچەقاندبوو، بەوە دەچوو لە هیچ نەگات. لە لایەکی دییەوە ڕاهیبێک باسی ڕۆحانییەتم بۆ دەکات و دەڵێت ڕۆژووگرتن و چوونەخەڵوەت بەپێی دەستووی ئێمە (Iram Gratis)ە. بەبێ ئەوەی بە تەواوی لەم دوو وشە لاتینییە بگەم، ڕووی دەمم کردە باوک و پێم وت: "ئەمە جۆرە مەقامێکی ڕۆحانییە لە لای ڕاهیبە مەسیحییەکان، هەروەکوو مەقامی چۆڵکردنی دڵە." ئەمەم وت و بە تەواوی دڵنیاش نەبووم لەم لێکدانەوە و بەراوردکردنە. بەڵام لە دڵی خۆمدا وتم، ڕەنگ بێت ئەم ڕاڤەکردنە بۆ باوکم کافی بێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەرم لەوە سوڕ مابوو کە باوکم لە مەقامی "چۆڵکردنی دڵ" تێنەدەگەیشت. وەخت بوو باسی ئیبی عارەبی بۆ بکەم، بەڵام هیچم نەوت.
ئەو کەسانەی لە دەوری تەلەفیزیۆنەکەش دانیشتبوون، لە مام و ئامۆژن و ئامۆزا پێکهاتبوون، لەنێوان ڕۆیشتن و دانیشتندا حەپەسا بوون. پێی دەچوو کە ڕاهیب و ڕاهیبەکە حەز بکەن زیاتر لە لایان بمێنێتەوە. باوکم ون بوو. مامێکم بوو بە دەمڕاستی حەشاماتەکە. ڕووم وەرگێڕا و بە دوو ئاینییەکەم وت: "پێویستە پرسی مامم بکەم، چونکە ئەو لە هەموومان بەتەمەنترە. لە لای ئێمە تەمەن تا زۆر دەبێت، ڕێز و تەقدیر زیاد دەکات." "دەتانەوێ زیاتر لێرە بمێننەوە و کەمێکی تر بحەسێنەوە؟" ئەمەم بە مامم وت. بێ سێ و دوو وەڵامی دامەوە: "ئەگەر هەڵنەسین، ئەوە پارەیەکی زۆر زەرەر دەکەین و منداڵیشمان زۆرە." منیش وتم: "پێویستە بەرژەوەندیی گشتی بخرێتە پێش بەرژەوەندیی تاکەکەسەوە." ئەمەم وت و بیرم لە لای (Iram Gratis) بوو. بە خۆمم دەوت، دەبێت مانای ئەم دوو وشەیە چ بێت. یەک جار و دوو جار و چەند جارێک لە دڵی خۆمدا ئەم دوو وشەیەم دەوتەوە بۆ ئەوەی کە گەڕاینەوە سەیری فەرهەنگ بکەم.
ئەوێمان جێ هێشت و بیرم دەکردەوە. ڕەنگ بێت (گراتیس) خۆڕایی بگرێتەوە، چونکە لە وشەیەکی فەرەنسییەوە زۆر نزیکە، بەڵام (ئیرام) هیچی پێ نەدەوتم. کاتێ زەمەن وەرچەرخا و لێقەومان بووە مێژوویەکی نزیکی دوور و ڕێم کەوتەوە کتێبخانەکەی ماڵ و سەیری فەرهەنگی لاتینی ـ فەرەنسیم کرد و ڕستەکەم بۆ ڕوون بووەوە: "تووڕەبوون بە خۆڕایی" دەگەیەنێت. دەمویست پەیوەندی ئەم ڕستەیە لەگەڵ مەقامی "چۆڵکردنی دڵ" دروست بکەم، هەستم کرد هەوڵێکی زۆر قورسم لە پێشە. خۆم تێک نەدا، پشتم لە دەرگای ماڵ کرد و لەوە حاڵی بووم کە کتێب زۆر شتی تێدا نییە.